# دینامیکی عێراقی

لەم وتارەدا بە شێوەیەکی زۆر سادە و "مەکرو" باسی ئەم خاڵانە دەکەین: دینامیکی سیاسی چییە؟ چەند جۆر دینامیکی سیاسی هەنە لە عێراقدا وتایبەتمەندیەکانی؟ دینامیکی کە دەسەڵاتدارە ناوی چییە؟ چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو عێراق، وشەیەکی کورت لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، قەندیل، ئەنقەرە و ئەنجامی ئەم وتارە.

ئەم کونسێپتە پەیوەندیەکی نزیکەوە هەیە بە جوڵانەوەی شت، کار کردن، فکر، هێز،...هتد و دەتوانی باسی دینامیکی سیاسی، ئابوری، دینی، کۆمەڵایەتی، عەسکەری، سایکۆلۆجی،...هتد، بکەی. لەم وتارەدا بەس باسی دینامیکی سیاسی دەکەین کە: بزووتنەوە و جوڵانەوەی فکر، کردار، ئیش و کار کردنی بەڕێوەبردن و حکومرانیە کە بە شئوەیەکی بەردەوام لە ناو زەمان و مەکاندا کاریگەر لە سەر یەکتریان هەیە. هەر وڵاتێک، کۆمەڵگایەک، حزبی سیاسی...هتد، خاوەنی دینامیکی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی،...هتد، تایبەتی خۆیە کە بە بەردەوامی لە گورانکاری دایە؛ هەندێک جار بە ئارامی یان بە شێوەیەکی کتوپڕ. لەم پرۆسەیەدا فکر دەسەڵاتدارە بەسەر کردار، رەفتار وکارکردن. جیاوازی دینامیکی زۆرە بینی کۆمەڵگای پێشکەوتوو، دواکەوتوو و تەقلیدیدا. دینامیکی سیاسی دەسەڵاتدارە لەسەر دینامیکەکانی تر.

چەند پرسیار و خاڵی گرنگ بو عێراق، هوشیار بارزانی گووت:" ئەگەر کەسێک بیەوێت تێبگات بە شێوەیەکی قووڵ کە دینامیکی عێراقی چۆنە و چۆن ئیش و کاری خۆی دەکات پێویستە ئاگاداری ئەم کونسێپتانە بێت: **Structure socio-économique, politique et juridique** و ی**Fonctionnalisme** کۆمەڵگای دواکەوتوو و تەقلیدی...هتد، چۆنە. بە شێوەیەکی "مەکرو" و پاش**Decolonization** و دروست بوونی دەوڵەتەکانی تازە چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ئەفریقیا،...هتد، چەند شت یان خاڵی گرنگ پەیدا بوون لە ناو زۆربەی ئەم وڵاتانەدا (تەنانەت ئەوانەی کە ئیمپراتۆریەتیش بوون)، وەک: - نەبوونی دیموکراسی ڕاستەقینە لە زۆربەی ئەم وڵاتانەدا یان دیموکراسییەکی تایبەتی خۆیان - بەڕێوەبردن و حکومرانی بە: دین، ئایدیۆلۆجی، دیکتاتۆریەت، ناسیۆنالیزم، ڕژێمی پاشایەتی، گەندەڵی ستوونی و ئاسۆیی جیاواز، ترس و تائیفییەت، ستەم و زوڵموزوری، پاراستنی بەرژەوەندی چینی سیاسی، دینی،...هتد. - نەبوونی بەرژەوەندی عام و ئێڤۆلوسیونیزمەکی ڕێکوپێکی بەڕێوەبردن و حکومرانی - یان گۆڕانکاری نییە یان بە توندوتیژی یان گۆڕانکاریەکان ئارایشی و شانۆییە.
مێژووی عێراق چیمان بۆ ئیسبات دەکەت لە سەر دینامکی چینی سیاسی؟ تا ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام دینامکی چینی سیاسی عێراقی پێکهاتوبو لەو خاڵانەی سەرەوە بە % و شێوازی جیاواز و ئەو خاڵانەی کە دەسەڵاتدار بوون: شەری جیاواز و تائیفی، دیکتاتۆریەت، ستەم و زوڵموزوری، تاڵان کردنی سەروەت و سامانی کۆمەڵگا. ئەم خاڵانە تەنانەت ئێستاش بە شێواز و %دی جیاواز زۆر بە هێزن بەڵام لەگەڵ چەند گورانکاری دینامیکی **Structural and functional**.
هەبوونی ئەم خاڵانەی سەرەوە کە زۆر نێگەتیڤ وخراپن چی ئیسبات دەکەن ئێستا لە ناو هەموو عێراقدا؟ بۆچی تەمەنی ئەم خاڵانە درێژە و ئەمە مانای چییە بۆ کۆمەڵگا؟ لە زەماندا دینامکی سیاسی دەسەڵاتداری عێراقی ئیسباتی چەند خاڵ کردووە وەک: - هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە حکومرانیی عێراقدا نەکراوە - نزم کردنی ویژدانی جەماوەری و حەیوان کردنی کۆمەڵگا بە شێوەکانی جیاواز- پاراستنی کورسی و دەولەمەندکردنی بی سنووری خۆیان - نەبوونی بینین، فکر و هزر کردنەکی**Global** و دەسەڵاتداری شانۆی و گەندەڵی بێ سنووری جیاواز.

تا ڕووخانی ڕژێمی بەعسی دینامیکی سیاسی کوردی لە دەوروبەری کونسێپتەکانی وەک شەر بۆسەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی، بە دەست هینانی هەق و مافی گەلی کورد، حزبایەتی، جاشایەتی (کە بە شێوەیەکی تایبەت لە مەکاندا مانای خۆی هەبوویە وەک کونسێپتی تیرۆریزم)،...هتد، دەسووڕانەوە وە لە هەمان کاتدا دینامیکی دیپلۆماسی و میدیای زۆر زۆر لاوازیان هەبوو. بەڵام پاش دروست بوونی ناوچەی ئەمنی، ڕووخانی ڕژێمی بەعسی و بەشدار بوونی کورد لەحکومەتی بەغدادا بە شێوەیەکی سەتحی و میلیشیای چەند کونسێپتی 'نوێ' پەیدا بوون وەک: پەرلەمان و پەرلەمانتار، چاکسازی و خزمەت کردنی کۆمەڵگا، وەزیر و گوزیر، حکومەتی هەرێم، سەرۆک وەزیر، وەزارەت، ڕێزگرتن لە دەستوور و یاسا، دێموکراسی و هەڵبژاردن،...هتد. = پەیدا بوونی حزبەکانی جیاوازی ئیسلامی و غەیری ئیسلامی = دەنگە دەنگ یان هەرا و هوریایەکی هیچوپووچ کە ئێستاش هەر بەردەوامە = بەڕێوەبردنەکی تایبەتی نەزان، میلیشیای، دزی و گەندەڵی یاسای وپرۆفیشناڵی جیاواز کە تایبەتمەندیەکانی خۆی هەیە وەک: هیچ حزبەک، بەرپرسەک،...هتد، لە چوارچێوەی عەقڵیەتی میلیشیای، تاڵان کردن، دزی و حەیوان کردنی کۆمەڵگا خارج نەبوویە؛ بەردەوام بوونی ئەنجامی کاري ئەم حزبانە و بەرپرسانە زۆر خراپ و نێگەتیڤە لە زەماندا بە شێوەکانی جیاواز وەک: سیاسی، ئابوری، دینی، شەرعیی، میدیای، کۆمەڵایەتی، ئەمنی، تائیفی، فەزای گشتی، دارایی، تەندروستی، پەروەردە،...هتد؛ بە شێوەیەکی زۆر بە هێزلە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی خۆپەرستی و ویژدانی '٣١د' دانە؛ بە شێوەیەکی زۆر پیس، ئاسان، دزی و گەندەڵی زانا و قووڵی ستوونی و ئاسۆیی شەرعی بە سیاسەت دەژین؛...هتد = دینامیکەکی میلیشیای، نەزان، دز وگەندەڵی زۆر قووڵ کە دەسەڵاتدارە لە کوردستان. ئایا تایبەتمەندیەکانی ئەم دینامیکە خۆی هاوار ناکەن لە ناو زەمان ومکاندا؟"

چەند تایبەتمەندیەکانی ئەم دینامیکە کە هەموو کۆمەڵگا پێویستە باش ئاگادار بێت، هوشیار بارزانی گوت:"هیچ شتەک لە چوارچێوەی ئەم دینامیکی دەسەڵاتدار نە بەس بەهای خۆی نییە بەڵام لە ژێر ئەم دەسەڵاتە بەرژەوەندی عام بۆنی نییە؛ نایەکسانیەکانی ئابوری ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبن و بەکارهێنانی بەردەوامی کۆمەڵگا، ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی، دادوەر، جوتیار، کرێکار، جەماوەر، حاکم، قوتابی، ماموستا،...هتد، بو زیندوو ڕاگرتنی ئەم بارودۆخە،...هتد. لە بەرئەوە کۆمەڵگا، شار، گوند، ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی، دادوەر، جوتیار، کرێکار، جەماوەر، پێشمەرگە، ڕۆژنامەنووس، حاکم، پۆلیس، قوتابی، ماموستا،...هتد، پێویست و زۆر گرنگە کە بە ویژدانەکی نوێ تازە فکر و هزر بکەن بۆ گورانکاریەکی سەرانسەری بە شێوەیەک کە هەر گوند و شارێک هێزی تایبەتی خۆی هەبێت لە ناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا".
گرنگە هەموو چینەکانی کۆمەڵگا ئاگادار بن: ئێستا کە کۆمەڵگا هەست دەکەت کە پێویستیەکی گرنگ بە گۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە، هوکاری پارە نابێت بە هیچ شێوەیەک ئاستەنگ بێت و هەر چەند ئەم هەست پێکردنە بە هێزتر بێت، ڕێگا ئاسانترە.
ئەندامی حزبی، هێزەکانی ئەمنی، دادوەر، جوتیار، کرێکار، کۆمەڵگا، جەماوەر، پێشمەرگە، ڕۆژنامەنووس، حاکم، پۆلیس، قوتابی، ماموستا،...هتد، بارودۆخی ئێستای خۆتان چی بۆ ئێوە ئاشکرا دەکەت؟ بە کورتی و زۆر سادە هوشیار بارزانی گووت" ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگی ڕابردوو لە

دەڤەرا بارزان، سلێمانی و ڕێژەی بەشداری کەم و نزم لە هەڵبژاردکانی مانگی ١٠ ئەمساڵدا چی بۆ ئێوە ئیسبات دەکەن؟ بێگومان نارەزایی و بێزار بوونەکی عام کە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبیت لە ناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگادا (بەڵام ئەمە بەس نییە): حزبی، ئەمنی، پەروەردە، شار، پێشمەرگە، گوند، دینی، کرێکار، تەندروستی،...هتد. - ڕۆژ بە ڕۆژ سروشتی زۆر نێگەتیڤ، میلیشیای، نەزان وخراپی بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی بۆ هەموو کۆمەڵگا باشتر ڕوون و ئاشکراتر دەبێتەوە و لە هەمان کاتدا ڕۆژ بە ڕۆژ لە ویژدانی جەماوەری و کۆمەڵگا دوورتر دەبن. - هەر چەند ئەم بەرپرسانە خاوەنی دزی گەندەڵی و خیانەتی...هتد، زۆر قووڵ بن ئەوەندە زیاتر ترسیان گەورەترە. - پەیدا بوونی دینامیکی سیاسی نوێ، تازە لە ناو کۆمەڵگادا کە بە شێوەیەکی ١٠٠% لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری ئەم خاڵانەدانە: نەزانینەکی بێ سنوور، خۆپەرستی و ویژدانی '٣د'، هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنەکی زۆر زۆر شارەزای خۆتان و هەموو کۆمەڵگا، دەرس وەرنەگرتن بە هیچ شێوەیەک لە مێژوو. -...هتد."

٩٧ %دی کۆمەڵگا بو گورانکاریەکی بنەرەتییە بەڵام بۆچی دروست نابیت؟ لە لایەکەوە ناڕەزای و بێزار بوونەکی عامی جەماوەری هەیە کە خاوەنی دینامیکەکی زۆر نزم و نەزانی میدیای، ڕۆژنامەنووسی، ڕۆشنبیری و کارکردنە. و لە لایەکی دیکەوە چەند بەرپرسی مەرکەزی حزبی هەنە کە زۆر باش کاری خۆیان دەکەن: حەیوان کردنی کۆمەڵگا بە ترس1، پارە، کەلتووری میلیشیای، دین،...هتد. هوشیار بارزانی گووت" چیتر ئەندامی حزبی، ئەندامی سەرکردایەتیی، پێشمەرگە، پۆلیس، هێزەکانی ئاسایش و پاراستن،...هتد، بە خۆی نەڵێت کە من حزبیم و ئەندامی فلان حزبم. بۆ؟ چونکە جلوبەرگی حزبی ئێوە ڕۆژ بە ڕۆژ پیستر و خراپترە، بە شێوەیەک کە ویژدانی تۆهاوار دەکەت: بەسە. پارتی دەڵێت ئەگەرمن نەبووم، یەکێتی هەمووتان قووت دەدات،...هتد. یەکێتی دەڵێت ئەگەرمن نەبووم پارتی هەمووتان قووت دابوو،...هتد. یان ئیسلامییەکان دەڵێن ئەگەر من نەبووم ئێستا هەمووتان زۆر دووری خوا بوون،...هتد.= حەیوان کردنی کۆمەڵگا و قسەی هیچوپووچ کە ئێسباتی ئاستەکی نزمی جیاوازی دینی، سیاسی، ئابوری و بەڕێوەبردنە،...هتد."
چۆن حاڵی بووی لەم دوو سێ ڕۆژی دونیای، ئەم ژیانی کاتی، کاتێک دەزانی کە هەر کەسێک ڕۆژ بە ڕۆژ لە مردنی جەستەیی خۆی نزیک دەبیتەوە؟
دینامیکی سیاسی لە بەغدا چۆنە؟ ئایا خاوەنی ئێڤۆلوسیونیزمەکی باش بوویە؟ هوشیار بارزانی گوت:" لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا نوخبەکانی وەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ئەفریقیا لە ژێر کۆنترۆڵی کونسێپتەکانی وەک: شەر بۆسەربەخۆیی، ئۆتۆنۆمی و رزگار کردنی خۆیان لە هێزی دەرەکی، کۆمۆنیزم، پێشکەوتن، دروست کردنی دەولەت،...هتد، دابوون و ئەم نوخبەیە لە سەرەتای دینامیکی سیاسی خۆیان بوون لە ناو چوارچێوەی کونسێپتی نەتەوە-دەوڵەت. لە هەموو عەرەبەکانی شیعە و سوننە دەپرسم: پاش نزیکی ١٠٠ساڵ لە دروست بوونی 'دەولەتی' عێراق دینامیکی چینی سیاسی لە بەغدا چۆن بوویە تا ڕووخانی ڕژێمی بەعسی و ئێستا چۆنە؟ بێگومان هوکارەکانی هاوبەش زۆرترن لە جیاوازیەکان. دوای ڕووخانی سەدام چەند دینامیکی شیعە و سوننە پەیدا بوون کە بە شێوەکانی جیاوازی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ وەک: دینی، سایکۆلۆجی، ئابوری، سەربازی،...هتد، لە ژێر کۆنترۆڵی ئەکتەری دەولی خارجی دانە. تایفەگەری ئاشکراتر و بە هێزتر دەبیت.
چەند هوکاری هاوبەشی دینامکی سیاسی لە پێش و دوای ساڵی ٢٠٠٣: ویژدانەکی سیاسی، دینی، ئابوری، بەڕێوەبردن،...هتد، زۆر نزم کە بە هیچ شێوەیەک لە ویژدانی '٣د' خارج نەبوویە، زۆر گرنگە بۆ ئێوە کە بڵێن من سوننە یان شیعەم و بە شێوەی تایبەتی خۆم نوێژ دەکەم، تاڵان و حەیوان کردنی کۆمەڵگا، شەری جیاواز لەگەڵ ئەکتەری دەولی خارجی و جەماوەری عێراق، دەوڵەمەند بوونی بێ سنووری بەرپرسەکانی سوننە و شیعە، بەکارهێنانی بەردەوامی جەماوەری شیعە و سوننە بە دروشمەکانی جیاواز بۆ بەرژەوەندی شەخسی، عادەت کردنی جەماوەری شیعە و سوننە بە ئەم خاڵانە،...هتد."

هوشیار بارزانی گوت:" ئایا دروست کردنی کوتلەیەکی پەرلەمانتاری سەربەخۆ بەسە بۆ گۆڕینی ئەم دینامکی ژەهراوی کە بە شێوەیەکی بە هێز لە ژێر عادات و تەقالیدی زۆر قووڵ دایە؟ نە. ئایا هەڵبژاردنی پێشوەختی عێراق لە مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا دینامیکەکی تازە و ڕێکوپێک دروست دەکەت بۆ ئازادکردنی جەماوەری عێراق لەم دینامیکی تەقلیدی، دزی، گەندەڵی و میلیشیای زۆر قووڵ و بۆ پەیدا کردنی ویژدانەکیتری بەڕێوەبردن لە زەمان و مەکاندا؟ نە. بۆچی؟ چونکە حکومەت لە عێراق = بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی، مەلای سیاسی و دینی، ئەکتەری دەوڵی خارجی = پاراستنی ئەم دینامیکی وێرانکر.
بۆ چی و ئەنجامی ئەم هەڵبژاردنانە بە کورتی و زۆر سادە: بۆ ئەوەی کە بە جیهان ئێسبات بەکەن کە عێراق دەوڵەتە و خاوەنی دیموکراسیە؛ هەڵخەڵەتاندن و خاپاندنەکی زۆر زۆر شارەزا و پرۆفیشناڵی کۆمەڵگا، جەماوەر؛ بەفیڕۆدانی پارەی گشتی؛...هتد."

دینامیکی سیاسی لە تورکیا لە ساڵی لە ١٩٢٣ تا ئێستا چۆن بوویە؟ ئایا ئایدیۆلۆجیای هێرشبەر، بە کار هینانی شێوازی جیاوازی کۆمەڵکوژی (کەلتووری، سایکۆلۆجی، جەستەیی،...هتد)، بۆ ئەوەی کە هەموو کۆمەڵگا بە هەموو شێوەیەک یەک ڕەنگ، یەک زمان بێت ( و ئەوە لە ژێرهەر ناونیشانێکی سیاسیدا: سۆسیالیست، لیبڕاڵ، نەتەوەپەرست، دیموکرات، کۆمۆنیست، ئیسلامی،...هتد)، دیموکراسی تایبەتی ئەنقەرە کە ڕێژەی توندوتیژی و ترسی زۆرە، نەبوونی بەرژەوەندی عامی کۆمەڵگا، تەدەخولی ئەکتەری دەولی خارجی بە شێوەیەکی تایبەتی خۆی،...هتد، پێکهاتەکانی دینامیکی سیاسی تورکیا نینە؟ داهاتووی تورکیا لە ژێر ئەم خاڵانەدا چی دەبێت؟ پاژۆ دەشتە نەزان.

دینامیکەکانی قەندیل چۆنن؟ ئایا تەواوکەری یەکترن؟ کاریگەری کەلتووری سیاسی هەرێمایەتی لەسەر دینامیکەکانی چۆنە؟ جوڵانەوەی ئەم دینامیکانە لە چ چوارچێوەیەک دایە؟ پێویستە ئاگاداری بی کە هەموو رەفتار، کردار، فکر وهزر کردنی ئێوە لە ناو یەک وەشە هاوار دەکەت: کاتی کە لە شاخ یەکێک لە بەرپرسەکانی مەرکەزی دێت بۆ چاوپێکەوتن لە گەل فلان ڕۆژنامەنووس ودەڵێت 'سلام'. هو قەندیل زۆر باشترە کە بە ئاستێکی تر ویژدان تەماشای زەمان و مەکان بیکەی. بەڵام وادیارە کە باش خەوتوونە. پاژۆ نەزان دەشتە.
نازانم تەمەنت چەندە وکارەت چییە بەڵام هەر کەسێک بی (سەرۆک وەزیر، سەرۆک کۆمار، فلان مەلا، وەزیر و گوزیر، پەرلەمانتار، بەرپرسەکانی مەرکەزی حزبی...هتد)، باش ئاگاداری خۆت بە پێش قسە کردن وهیچ کامتان ئەوەندە گەورە نەبوونە کە بڵێت ئەمە یان ئەوە بکە.

دینامیکی سیاسی بە شێوەیەکی عام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چۆنە؟ بێگومان هوکارەکانی هاوبەشی ئەم دینامیکە زیاترن لە جیاوازیەکان. ئایا ترس، توندوتیژی، ستەم و زۆرداری جیاواز، 'دیموکراسی' تایبەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، نەبوونی بەرژەوەندی عامی کۆمەڵگا، تەدەخولی بەردەوامی ئەکتەری دەولی خارجی، دیکتاتۆریەتی رەنگاورەنگ، عادەت کردنی جەماوەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ئەم خاڵانە،...هتد،

پێکهاتەکانی دینامیکی سیاسی خۆرهەڵاتی ناوەراست نینە؟ مێژوو بە شێوەیەکی زۆر بە هێز ئیسباتی ئەم خاڵانەی کردووە. بێگومان هەبوونی ئەم خاڵانە ئیسباتی دەسەڵاتەکی نەخۆش و une anomalie بەردەوامی دەسەڵاتە.
ئایا ئەم بینین و بۆچوونە، بۆچوونێکی خەیاڵییە؟ نە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە جەماوەری رۆژهەڵاتی ناوەراست داخلی ئاستێکی تری ویژدان بی؟

هوشیار بارزانی گوت:" بارودۆخی ئێستای عێراق ئیسبات دەکەت کە دینامیکی شیعە، سوننە و کورد بە شێوەکانی جیاوازی سیاسی، دینی، ئابوری، دبلۆماسی،...هتد، کە نە بەس دژی جەماوەر و عێراقە لە زەماندا و تەواوکەری یەکترن بەڵام لە هەمان کاتدا پرۆسەی فێربوون و عادەت کردنی زۆر باشی خۆی هەیە بۆ حەیوان کردنی کۆمەڵگا. مەحاڵە کە عێراق بتوانێت خۆی رزگار کەت لەم دینامیکی تائیفی، تێکدانی فەزای گشتی، کوشتن، دزی، گەندەڵی، تاڵان کردن، ترس وتوندوتیژی جیاوازی جەستەیی، دەروونی، ئابوری، دینی،...هتد. چارە چییە عێراق؟ بەردەوام بوونی یاری کردن بە خۆتانە لە چوارچێوەی دینامیکی وێرانکری بەرپرسەکانی مەرکەزی دینی وسیاسی میلیشیای عێراقی وئەکتەری دەولی خارجی؟ یان بەردەوام بوونی دروست کردنی هاوپەیمانییەتی گەورەی دینی و تائیفیە؟ نە. بە سەری ئێوە بەس یەك چارەتان هەیە = وەرە. پێویستە باش ئاگادار بن کە کاتی ئاستێکی تری ویژدانە، ویژدانی بەرێوەبردن، فکر، بینین، کار کردن،...هتد. بەبێ تێگەیشتن لەم خاڵە تەمەنی ئەم دینامیکی وێرانکر درێژتر دەکەن و زۆر پیس و بەردەوام سەرتان لە دیوار دەدەن."
فلان کەس ئەم وتارانە بۆ ئەوە نانووسم کە یەکێک بڵێت زۆر باشە یان زۆر خراپە یان هەر نووسینە و هیچی تر نییە. ئامانجەکە وەرگێرانی ئەم وتارانەیە بە شێوەیەکی عەمەلی لە ناو زەمان و مەکاندا و ئەوە زۆر باشترە بە زووترین کات.

ئەگەر خاوەنی سایکۆلۆجی نەخۆش و پیسی میلیشیای حزبی نەبی دەزانی کە زۆرگرنگە بڵاوکردنەوەی ئەم وتارە لە سەرانسەری عێراقدا.

م.امین

1 https://kcdme.com/M%20Amin%2004.12.2020.pdf
https://kcdme.com/M.%20Amin%2019.05.2021.pdf
https://kcdme.com/M.%20Amin%2015.03.2021.pdf